# دەنگدانەوەی چیاکان

ئینتێرنشیپێک لە لە ئەنستیوتی کوردیی پاریس

من ناوم خەونە
خەڵکی وڵاتی ئەفسوونم
باوکم شاخە و
دایکم تەمە.
من لە ساڵێکی مانگ کوژراو و لە مانگێکی هەفتە کوژراو و
لە ڕۆژێکی سەعات کوژراودا

ئەگەر توانیت یەکە یەکە
گەڵای ئەو باخە بژمێری.
ئەگەر توانیت هەرچی ماسیی
گچکە و گەورەی
ئەو ڕووبارەی بە بەردەمتا تێئەپەڕێ
ڕیزژمێر کەی!
ئەگەر توانیت لە وەرزی کۆچی باڵندەی
بەرەو ژوور و بەرەو خواردا
بەرەو خوار و بەرەو ژووردا
یەکە یەکە
مەل و باڵندە بژمێری
ئەوا منیش بەڵێن ئەدەم
یەکە یەکە
هەرچی قوربانیی ئەم خاکی
کوردستانە شیرینەیە
بۆت بژمێرم!.

شێرکۆ بێکەس

# ناواخن


١- پێشەکی

٢- ناساندنی پرۆژەی ئنتێرنشیپ - ئەنستیوتی کوردیی پاریس

٣- ئەو شتانەی هانی دام بۆ داواکردنی  ئنتێرنشیپەکە

٤- شێوازی چالاکیەکان

٥- پلەبەندی ڕێکخراوەکە

٦- شێواز و ڕێگەکانی هەڵسەنگاندن

٧- بەشی ڕێککەوتن و واژۆکردن

## ١- پێشەکی

من ناوم کەڤین بەگیخانی-یە، لە کوردستانی باشور (هەرێمی کوردستانی عێراق) لە ساڵی ١٩٩٥ لەدایك بووم. کاتێك تەمەنم دوو ساڵان بوو من و خێزانەکەم لەگەڵ هەزاران کەسی دیکە لەلایەن ڕژێمی پێشوی بەعس و بەهۆی دەرەنجامەکانی جینۆسایدی ئەنفالەوە ناچار کراین لە وڵاتەکەمان هەڵبێین. لێرە شەرەفی ئەوەم پێبڕا لە وڵاتێکی وەك هۆڵندا گەورەببم و بەدوای خوێندنەکەمدا بچم، وڵاتێك کە ڕێز لە مافە مەدەنی و سیاسی و مرۆیەکانم دەگرێت. ئەوە گرنگیەکی بنچینەیی هەبووە بۆ من کە توانیومە بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ و لە ژینگەیەکی ئارامدا پەرە بە شوناسە کوردیەکەم لەپاڵ شوناسە هۆڵەندیەکەمدا بدەم. لەبەرئەوەی لەماوەی سەدەی ڕابردوودا لە کوردستان بەگشتی زۆرجار نکوڵی لە شوناسی ملیۆنەها کورد بە قەبارەیەکی گەورە و لە مەودایەکی جوگرافیای فراوانتردا کراوە بەشێوازی جیاجیای وەک تەعریب، چەوساندنەوە، دورخستنەوە و هێرشی وێرانکارانە.

ئەو مێژووە سەختەی کوردەکان بە گشتی و ئەزموونی خێزانەکەشم بەتایبەتی وای لێکردم حەزی زیاترم بۆ مێژوو هەبێت و هانیشی داوم لە هەوڵدانم بۆ داهاتویەکی باشتر بۆ کوردستان و جیهانێکی جوانتر بەردەوام بم. باش ئاگادارم ئەم ڕێگایەی گرتومەتە بەر، تەرکیزی خوێندنەکەشم و ئەو چالاکیە هونەریە زۆرانەشی بەشداریان تێدا دەکەم هەموویان ڕێکارێکن بۆ "خودبەردەوامیی" لە شوناسی کەسیمدا، لە سنورێکی فراوانتری شوناسی بەکۆمەڵ و کەلەپوری کوردیدا.

دواجار، من ئێستا لە بەشی هیومەن دایڤێرسیتی (هەمەچەشنی مرۆیی) لە زانکۆی لێیدن لە شاری لاهای دەخوێنم کە کۆمەڵگایەکی ئەکادیمی پڕبەرهەم و ژینگەیەکی فێربونی لەبار لەخۆ دەگرێت. لەگەڵ ئەو حەزە زۆرەی بۆ مێژووی جیهان، دابونەریت، ئەدەب بەگشتی و مێژووی کورد بەتایبەتی هەمە، پێموایە ئەنجامدانی ئینتێرنشیپێک لە ئەنستیوتە پایەبڵندەکەی کورد لە پاریس بەدڵنیاییەوە هاوکاریم دەکات لەو بەشەی ئێستا تێیدا دەخوێنم، هەروەها وادەکات بتوانم چۆن فۆرم و شێواز بە گەشەسەندنی ئەکادیمی و توێژینەوەکانی داهاتووم بدەم.

## ٢- ناساندنی پرۆژەی ئنتێرنشیپ – ئەنستیوتی کوردیی پاریس

ئەنستیوتی کوردیی پاریس لە ساڵی ١٩٨٣ لەلایەن چەند ڕۆشنبیر و هونەرمەندێکی کوردی تاراوگە دامەزراوە، لە ئێستادا لەلایەن پازدە ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانەوە بەڕێوە دەبرێت. بە پشتگیری حکومەتی فڕەنسا، ئەنستیوتەکە وەک فۆنداسیۆنێک بۆ بەرژەوەندی گشتی ناسراوە، هەروەها بە پاڵپشتی چەندین ڕۆشنبیر و هونەرمەندی نێودەوڵەتی لەنێویاندا سیاسەتمەدار و پزیشکی پێشوو بێرنارد کوشنەر و خێزانی سەرۆکی پێشوی فڕەنسا خاتوو دانیاڵ

میتران، ئەنستیوتی کوردی وەکو باڵوێزێکی کەلەپور و گەشەپێدان لە ئەوروپا و ناوچەکەدا ڕۆڵ دەبینێت.

هەروەك دامەزراوەکە جەخت لەسەر ئەم دروشمە "بۆ بەرگریکردن لە کولتورێکی هەزار ساڵە کە مەترسی لەناوچوونی لەسەرە" دەکاتەوە، ئامانجەکانی دامەزراوەکە بریتین لە پارێزگاریکردن لە زانیاری سەبارەت بە زمان، بە مێژوو، بە کەلەپوری کولتوری کوردی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی تێکەڵبوونی کوردانی پەنابەر لە ئەوروپا و کۆمەڵگە خانەخوێیەکانیاندا. هەروەها بۆ ئەوەی کولتور و وڵات و دۆخی ئێستای کورد بە ڕای گشتی بناسێنن.

## ٣- ئەو شتانەی هانیدام بۆ داواکاری ئنتێرنشیپەکەم

بەو حەزو و خولیا زۆرەی کە هەمە بۆ مێژوو، بۆ کولتور و هونەر و ئەدەبی جیهان بەگشتی و کولتورو کەلەپوری کوردی بەتایبەتی، پڕوام وایە فۆنداسیۆنی پرشکۆی [ئەنستیوتی کوردیی] پاریس زۆر بەباشی یارمەتیم دەدات بۆ فێربوون، بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی ئەو زانیاری و خولیایانەم. جگە لەوە ئەم ئینتێرنشیپە یارمەتی بەهێزبوون و بەرەوپێشچوونی ئەکادیمی، توانا و لێهاتوویی کەسییەکانم دەدات. بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دامەزراوەکە کەوتووەتە ناو ژینگەیەکی پڕ جوڵە و پربەرهەم لەناو جەرگەی پاریسدا.

لە زانکۆی لێیدن وەك ئامادەکارییەك بۆ توێژینەوەی بەکالۆریۆسەکەم - کە دەمەوێت تەرکیز بخەمە سەر ئەدەب و هونەری کوردی وەکو فۆرمێک بۆ خودبەردەوامیی- و هەروەها ماستەرو دکتۆراکەشم لە هەمان بواردا بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا من خەریکی خوێندنم لە بەشی هیومەن دایڤێرسیتی لەناو بەشێکی گەورەتری هونەری لیبڕاڵ و چوارچێوەی زانستەکان، پێموایە ئەو ئەزموون و زانیاریەی تا ئێستا لە زانکۆی لێیدن بەدەستم هێناوە، وام لێ دەکات بیدەمەپاڵ چالاکیەکانی دامەزراوەکە و ئامانجەکانی بەگشتی و ئینتێرنشیپەکەم بەتایبەتی.

لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەی من حەزم لە ئەدەب و هونەرە لە چوارچێوەی مێژووی کوردستان و ئەوانی دیکەش، ئەوەش بەهۆی بەراوردکردن و شیکردنەوەکانەوە، شەرەفمەندبووم بە هەبوونی دوو سەرپەرشتیاری بەئەزموون و شارەزا لە زانکۆ و دامەزراوەکە:

1. دکتۆرە جۆیس بلاو، پرۆفیسۆری فەخری لە ئینالکۆ (INALCO) ئەنستیوتی نەتەوەیی بۆ زمان و شارستانییەتی ڕۆژهەڵات لە پاریس. لەئێستادا ئەو خانمە پرۆفیسۆرە بەرپرسی گەنجینەی ئەنستیوتە لە بۆردی بەڕێوەبەرایەتی.
2. دکتۆرە ژاکلین هێڵکیما، پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژووی هونەر و کولتوری مێژوویی لە زانکۆ و کۆلێژی لێیدن، بە دیاریکراوی جەخت لەسەر بەشی

لێکۆڵینەوەی ساختەکاریی (لە بواری نووسین) دەکاتەوە، هەروەها ڕێکخەری سەنتەری نووسینە لە پریڵ نیجهۆف.

## ٤- شێوازی چالاکیەکان

ئەوەی وا لە ئەنستیوتی کوردیی پاریس دەکات ژینگەیەکی تەواو لەباربێت بۆ فێربوون، ئەو کەشە بەرهەرمدارەیە کە ئاڵوگۆڕی کولتورەکان، توێژینەوەی ئەکادیمی و گەشەسەندن، گرنگی و پەرەیان پێ دەدریت. ئەم ڕۆڵەش لە لایەن هەردوو شارەزایان لە بەشی پسپۆڕیی خۆیان کە کار بۆ ڕێکخراوەکە دەکەن و هەروەها لەلایەن ئەو میوانە جیاوازانەی سەردانی ئەنستیوت دەکەن دەبینرێت. لەگەڵ ئەم خاڵە جەوهەریانەی ژینگەی ڕێکخراوەکە، پێموایە باشترە بۆشاییەك بەجێبهێڵین بۆ پێشخستنی پرسیاری توێژینەوە گشتیەکان، چالاکیی تایبەت بە توێژینەوە و ئەرکە هاوبەشەکانی توێژینەوە لەگەڵ دکتۆرە بلاو.

لەگەڵ دکتۆرە بلاو وەك سەرپەرشتیارێکی بە ئەزموون، چاوەڕوانی ئەوە دەکەم لەمەودایەکی فراواندا بەشداریی گروپ یا وەک تیم لە چالاکیەکان و ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەدا بکەم. هەر لە شیکردنەوە و ڕێکخستنی بەڵگەنامەکان لە کتێبخانەدا تا پێشوازیکردن لە میوانەکان، نووسینی ڕاپۆرت و وتار بۆ ئامادەکاری، بەشداریکردن لە وۆرکشۆپ و چالاکیەکانی دیکەدا. نمونەیەك لەو چالاکیانە دەکرێت خوێندنی کوردی بێت لە هاویناندا کە لە نێوان ٣-٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ دا دەست پێ دەکات.

سەرەڕای ئەوەی ئەم ئەولەویەتەم بە دکتۆرە بلاویش ڕاگەیاندووە، پێمخۆشە بەدیاریکراوی بنچینە سەرەکیەکانی توێژینەوە لە چالاکیەکانمدا باس بکەم، بۆ نمونە لەگەڵ دکتۆرە بلاو لە توێژینەوەی پرۆژەیەکدا بە هاوکاری و سەرنجی توێژەرەکانی دیکە لەڕێکخراوەکەدا بەشداری بکەین. زیاد لەوەش پێم خۆشە پەرە بە زمان، تێگەیشتن و بەهرە کوردیەکانم بدەم لەپاڵ زمانە فەڕەنسیەکەمدا، ئەمەش هاوکاری ئەو بەشە لاوەکیەم دەکات کە بۆ زمانی فەڕەنسی دەیخوێنم لە زانکۆی لێیدن.

پێم خۆشە خۆم لەناو دڵ و ڕۆحی ڕێکخراوەکە و میوانەکانیدا نوقم بکەم، ئامادەم بۆ هەر سەرکەشیەکی تازە لەلایەن دکتۆرە بلاو، هێڵکیما و هەر ئەندامێکی دیکەی ڕێکخراوەکەوە پێشنیار بکرێت.

## بنچینە سەرەکیەکانی توێژینەوە

لەگەڵ ئەو چالاکیە فراوانانەی دەمەوێت لەگەڵ ئەم دامەزراوە کوردییە ئەزمونی بکەم، لە شارێکی پڕ جووڵە و چالاکی وەك پاریسدا، دەمەوێت پرۆژەی توێژینەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ دکتۆرە بلاودا ئەنجام بدەم، دواتر وەك پایەیەکی سەرەکی بۆ توێژینەوە باڵاکەم لە زانکۆی لێیدن، پاشانیش بۆ ماستەرو دکتۆراکەم لەسەر ئەدەب، هونەر، کولتور و کەلەپوری کوردی سودی لێ وەربگرم. لێرەدا دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێت کە هەوڵ دەدەم بە دروستی پرۆژەی توێژینەوە جیاوازەکانم ڕێك بخەم، ڕێز لە بەرنامە و پرۆسە و یاساکانی ڕێکخراوەکە بگرم وەك خۆپاراستن لە دزی زانستی و هەندێك هەڵەی دیکەی هاوشێوە. سەبارەت بە هەردوو پرۆسەی ئینتێرنشیپەکەم و بەکالۆریۆسەکەم، داوا لە دکتۆرە بلاو و دکتۆرە هێلکیما دەکەم ڕێنمایم بکەن بۆئەوەی بە تەواوەتی بەپێی یاساکان ڕەفتار بکەم.

**پرسیاری گشتیی توێژینەوە**

چۆن یادەوەری و نۆستالژیای بەرجەستە لە ئەدەب، هونەر و بەشەکانی دیکەی دەرپرینە هونەرییە کەلەپوورییەکاندا وەك میکانیزمێکی خودبەردەوامی خزمەت بە گەلی کورد دەکەن؟

**پرسیاری دیاریکراوی توێژینەوە**

لەم سەردەمەدا چۆن ئەنستیوتی کوردیی پاریس لەگەڵ ئەو زانیاریە فراوانەی لەسەر ئەدەبی کوردی و هونەر و کەلەپورەکەی هەیەتی وەك میکانیزمێکی خودبەردەوامی خزمەت بە کوردانی تاراوگە لە فڕەنسا و ناوچەکانی دیکە بکات؟

**پرسیاری لاوەکی توێژینەوە**

ئەو ئاڵنگاریانە چین دامەزراوەکە توشیان دەبێت لە مەودایەکی فراوانی چالاکیەکانی، چۆن پەیوەندی و کاریگەرییەکانی کوردانی تاراوگە لە فڕەنسا، ئەوروپا و تەواوی کوردستان بەرەوپێش دەبات؟

وەك ئەوەی لە گۆرانیە کلاسیکەکەی سووت(suite) دا دەڵێت "مەهێڵە ڕابردوو ئەو شتانەمان بەبیر بهێنێتەوە کە ئێستا نیمانە" جودی بلوو ئایز، پێشڕەوی ئەم بیرۆکەیە دەکات کە ڕەنگە پایەی ئەم بیردۆزە پەیوەندی بە وەڵامی پرسیاری ئەم توێژینەوەیەوە هەبێت.

لە (نۆستالژیا و بێزاریەکانیدا) سڤێت لانە بۆیم ئەم ئارگیومێنتانەی هەن:

"هۆگریی تاراوگە پێچەوانەی لەڕیشەهەڵکێشان و نائاشنابوون نیە، بەڵکو پێکهاتەی سەرەکیەتی. زۆر گوتراوە لەسەر گەڕانەوە دڵخۆشکەرەکان بۆ نیشتیمان، ئێستا کاتی ئەوەیە دادپەروەر بین بەرامبەر چیرۆکەکانی نەگەڕانەوە بۆ نیشتیمان و پێداهەڵدانە بێمەیلەکانی هەندەران. نەگەڕانەوە بۆ نیشتیمان لە هەندێ حاڵەت و لای هەندێ لە نووسەر و هونەرمەندەکانی هەندەران بووە بە هۆکارێکی سەرەکی داهێنانە هونەرییەکانیان، ماڵێکیان لەنێو تێکست و کارە

هونەریەکانیاندا بۆخۆیان دروست کردووە، هەروەها وەك ئامرازێك بۆبەردەوامی بەکاری دەهێنن. ئەو کەسە ئاساییانەی کە لە هەندەرانن زۆر جار دەبنە هونەرمەند، خۆیان وماڵی دووهەمیان زۆر  بە بلیمەتانە بنیات دەنێنەوە. نەتوانینی گەڕانەوە بۆ نیشتیمان تراژیدیایەکی کەسیی و هێزێکی بەرگەنەگیراوە، ئەمە مانای ئەوە نیە هیچ نۆستالژیایەک بوونی نیە لێرەدا، بەڵکو ئەم جۆرەی نۆستالژیا ڕێگرە لە گەڕانەوەی ڕابردوو. هۆگریی تاراوگە بەڵێنی بیرنەکردنەوە و هەستێکی ڕێکخراوت پێ نادات، بەڵکو تەنها ئارەزویەکی گوماناویت بۆ دروست دەکات کە زۆر قووڵ نیە بەڵام ئاگاداری زوو نەمانیەتی.

نۆستالژیا هەستی لەدەستدان و شوێنگۆڕکێیە بەڵام لەهەمان کاتدا دڵداریە لەگەڵ خەیاڵەکانت. خۆشەویستیی نۆستالژیا تەنها لەپەیوەندیەکی دوور مەودادا بەردەوام دەبێت. وێنەی سینەمایی نۆستالژیا وێنەیەکی دووڕووە، یاخود دوو وێنەی لەسەریەك دانراوە، وێنەی نیشتیمان و دەرەوە، وێنەی ئێستا و ڕابردوو، وێنەی ژیانی ڕۆژانە و خەیاڵ. ئەو کاتەی کە دەمانەوێت بەزۆر بیکەن بە یەك وێنە، یان چوارچێوەکەی دەشکێت یان ڕووەکەی دەسوتێت."

ئەو زانیاریەی پێشتر باسم کرد سەبارەب بە نۆستالژیا  وەك هۆکارێك بۆ خودبەردەوامی، هانا ئارنت و ئەوانی دیکەش جەختیان لەسەر کردووەتەوە؛ بەڵێ نۆستالژیا میکانیزمێکی گرنگە کە توانای خودبەردەوامیت لە ڕێگای دوو سەرچاوەی بنچینەیی کەسییەتیەوە پێدەبەخشێت: کەسییەتیەکی تاك و کەسییەتیەکی بەکۆمەڵ. زیاد لەوەش، لەگەڵ ئەوڕاستیەی دامەزراوە کوردییەکە شوێنی دوو جۆر فێرکردن و فێربوونە، ئەوانیش توێژینەوە و ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی کولتورە جیاوازەکانن، پێموایە وا باشترە بۆشاییەك جێبهێڵرێت بۆ گۆڕانکاری لە پرسیاری توێژینەوەکەمدا، بۆ وێنە ڕەنگە پاش پێنج ڕۆژ پێداچوونەوەی ئەدەبی، پرسیاری توێژینەوەکەم بکەمە پرسیارێکی زۆر جیاواز و پڕ کێشمەکێش.

ئەوە ڕوونە لەلام کە بەرپرسیارێتی تەواو هەڵدەگرم بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئەو توێژینەوەی ئەنجامی دەدەم مانابەخش بێت بۆ هەردوو بەشی ئینتێرنشیپ و داتابەیسەکەی لەگەڵ توێژینەوە تایبەتەکەم لە زانکۆی لێیدن.

بەبێ هیوا چاوەڕێکە

بە ڕۆحی خۆمم گوت، ئارامبە، بەبێ هیوا چاوەڕێکە،
چونکە هیوا دەبێتە ئومێدی شتێکی هەڵە؛ بەبێ خۆشەویستی چاوەڕێکە،
چونکە خۆشەویستی دەبێتە خۆشویستنی شتێکی هەڵە، هێشتا باوەڕ ماوە
بەڵام هەموو ئەم باوەڕ و خۆشەویستی و هیوایە لە چاوەڕوانییدان.
بەبێ بیرکردنەوە چاورێکە، چونکە هیشتا ئامادی بیرکردنەوە نیت:

بۆیە تاریکیی دەبێتە ڕووناکی، خامۆشیش دەبێتە سەما
دەبێتە چپەی جۆگەلەی بەخوڕ، دەبێتە هەورەبروسکەی زستان.
جاترە و شیلیکی کێوی نەبینراو،
پێکەنینی نێو باخەکە، زایەڵەی مەستیی
وون نەبوون
بەڵام داوادەکەن، پەنجە بۆ ئازارێک دریژ دەکەن
ئازاری مردن و لەدایکبوون...

تی ئێس ئیلیەت

## ٥- پلەبەندی دامەزراوەکە

ئەم ڕێکخراوە کوردییە لەلایەن ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانەوە بەڕێوە دەبرێت کە پێکهاتووە لە پازدە ئەندام. لەم ساتەدا بەرواری دیاریکراو، پلە و خشتەی چالاکیەکانم دیارینەکراوە. هەرچەندە پێموایە سەرپەرشتیارەکەم، دکتۆرە بلاو، ژیرانە هاوکاریم دەکات لە بەشداریکردن و یارمەتیدانی ڕێکخراوەکە لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەوەی ببێتە ژینگەیەکی فێربوونی دەوڵەمەند و مێشکبزوێن هەم بۆ من و هەمیش بۆ ئەوانەی بەرکەوتن و ئاڵوگۆڕمان دەبێت لەگەڵیان.

زیاد لەوەش ئەو کەسانەی کار لە دامەزراوە کوردیەکەدا دەکەن، هەروەها سەرپەرشتیارەکەم دکتۆرە جویس بلاو، پەیوەندیان لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی پەروەردەیی هاوشێوە هەیە وەك INALCO و زانکۆی سۆربۆن هەیە. پێموایە ئەوانە هانم بدەن منیش خۆم ئاشنا بکەم بەو چەشنە دامەزراوانە، ئەویش بە سەردانی کردنی کتێبخانە بەناوبانگەکانیان، هەروەها سەرنجدانی چالاکیی، بەها و ئامانجی ئەو دامەزراوانە بۆ داواکاری ماستەرەکەم لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا لەگەڵ ستافەکە، خوێندکارەکان لە پاریس و ناوچەکانی دیکەش.

## ٦- شێواز و ڕێگەکانی هەڵسەنگاندن

### پێکهاتە

چاوەڕوانی ئەوە دەکەم لە دکتۆرە بلاو فیدباکی زارەکی و نوسراوم پێشکەش بکات لەماوەی ئینتێرنشیپەکەمدا بۆ بەرەوپێشچوونم. بەم ڕێگەیە دەتوانم کتێبێکی تۆمارکردن دابنێم، لە هەڵە و ئاڵنگاریەکانمەوە فێربم بۆ ئەوەی پەرە بە کارە تایبەتییەکان و بەهرە پەروەردەییەکانم بدەم.

**ناوەڕۆك**

هەرچەندە تا ئێستا هیچ  پێوانە، دوا وادەیەک و ئامانجێکی دیاریکراو دانەنراوە، بەڵام لەگەڵ دکتۆرە بلاودا لە ماوەی ئینتێرنشیپەکەم لە ڕێکخراوەکەدا ئەو شتانە پوخت و ڕوون دەکەینەوە. بەشێوەیەکی دیکە دەتوانم بڵێم لە ماوەی چەند ڕۆژی سەرەتای گەیشتنمدا، ئەو ئامانج و پێوانانە بە وردی لە نەخشەڕێگەدا دیاری دەکەم.

**کات**

ئەمەشیان شتێکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چ شتێك زۆر درێژخایەن و گونجاوە لەگەڵ چالاکیەکانم لەو ژینگە پڕجووڵەی دامەزراوەکەدا. بۆ وێنە  لەکاتی توێژینەوەی هاوبەش لەگەڵ دکتۆرە بلاودا چاوەڕوانی ئەوە دەکەم ڕێنمایی و ئامانجی ووردم بۆ دیاری بکات، بتوام لە کاتێکی دیاریکراودا تەواویان بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕێی ئەوە دەکەم لەو ماوەیەدا تووشی ئاڵنگاری و خرۆشان ببم بەرامبەر ئامراز و پایە تایبەت و جیاوازەکانی توێژینەوەکە.

بەشێوەیەکی گشتی پێموایە ئاڵوگۆڕ و گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆرە بلاو، دکتۆرە هێڵکیما و دکتۆرە لام فیدباکی شەفاف و دروستکەربن بۆ سوودی هەموو ئەوانەی بەشدارن. هەروەها هاوکاری و ئاڵوگۆڕی نێوان زانکۆی لێیدن و ئەنستیوتی کوردی لەپاریس زۆر پڕبەهایە بۆ من.

**٧- بەشی گرێبەست و واژۆ**

ئێمە، ئەوانەی لە خوارەوە واژۆمان کردووە، داواکاری ئینتێرنشیپەکەی کەڤین بەگیخانی سلیمان-مان خوێندووەتەوە و ڕەزامەندین بە پاڵنەرەکان و جێبەجێکردنی ئینتێرنشیپەکە لە ئەنستیوتی کوردی لە فەڕەنسا.

د. جۆیس بلاو                بەروار و واژۆ

د. ژاکلین هێڵکیما                بەروار و واژۆ

د، هوانگ واهـ لام                بەروار و واژۆ

کەڤین بەگیخانی                بەروار و واژۆ

ملیۆنان بووین

پیرەدار و
نەونەمام و
دەنکە تۆو بووین.
لەناو خودی ئەنقەرەوە
شەبەیخوونێ هاتن، هاتن
هەڵیانکێشاین
هەڵیانگرتین
دوور بردیانین.!
لە ڕێ ملی زۆر پیرەدار لار بوونەوە.
لە سەرمادا زۆر نەونەمام ڕۆحیان دەرچوو
ڕەق بوونەوە.
تۆوێکی زۆر هەر بوون بە ژێر دەست و پێوە
بزر بوون و بیرچوونەوە!
وەک چەمی هاوین تەنک بووین
وەک باڵندەی دەمەو پاییز کەم بووینەوە
چووینە خانەی هەزارەوە
تۆومان تیا بوو «با» هەڵیگرت
«با» بردیەوە
گەیشتەوە چیای تینوو
لەناو بەرددا خۆی شاردەوە
یەکەم باران
دووەم باران
سێهەم باران، ڕووایەوە.
ئەوا ئیستە دیسانەوە جەنگەڵێکین
ملیۆنانین

شێرکۆ بێکەس